# سەرچاوەی سروشتی نەوت: خاوەنداریەتی و بەرژەوەندی گەل

**شاخەوان شۆڕش**
2007.12.08

سەرچاوەی سروشتی نەوت وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی وزە و سوتەمەنی بوونی لە هەر ناوچەیەکدا مایەی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی ئەو خەڵکەیە کە لە ناوچەکەدا دەژین. ئەگەر خەڵکی ناوچەکە خۆیان لە سامانی سروشتی ژێرزەوی وڵاتەکەیان سەربەخۆبن. بوونی نەوت لە هەندێ وڵاتی جیهاندا وایکردووە ئەو وڵاتانە ستاتوسی ئابوریان بەرزبێتەوە و وەکو ولاتی دەوڵەمەند سەیر بکرێن. بەڵام مەرج نییە ئەو ستاتە خاوەن نەوتە سامانەکە بخاتەبەر بەرژەوەندی گەل و بەمجۆرە ئاستی ژیانی خەڵکی وڵات بەرزبکاتەوە و باشتر بکات. بەکارهێنانی سامانی سروشتی لە بەرژەوەندی گشتی گەل دا و بۆ باشتر کردنی گوزەرانی خەڵک تەنها لە وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکاندا دەکرێ بە بەڵگە بسەلمێندرێت. بەپێی ئەزموونە کۆن و نوێکان لە وڵاتە نەوتاویە دەوڵەمەندە نادیموکراسیەکاندا سامانی نەوت بۆ بەرژەوەندی گەل بەکار نایەت، بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتدار یا خێزانی دەسەڵاتدار بەکاردەهێندرێت. دەکرێ پارتی دەسەڵاتدار هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی فراوانخواز و پەرگیری سنورشکێن بێت، بەمجۆرە سامانە سروشتیەکە بۆ مەرامی ئایدۆلۆژیانەی خۆی زۆر بەرفراوانتر بەکاردەهێنێت. هەروەکو یەکێتی سۆڤیەت لە ڕابردوودا ئەوەی کرد، سعودیا و وڵاتیتر لە ڕابردوو و ئێستادا ئەوە دەکەن و بەردەوامن لە پیادەکردی هەناردنی بیروباوەڕی تایبەت بە ئایدۆلۆژیاکەیان بۆ دەرەوەی سنورەکانی خۆیان لە هەر شوێنێکی جیهاندا. سامانی سروشتی نەوت وایکردووە ئەو وڵاتانە توانای ئابووری ئەوهایان ببێت کە بتوانێ ئەو داخوازیە فراوانخوازییە جووڵەبکات. ئەو وڵاتانەی ئەو کارە دەکەن، دەسەڵاتدارانیان سامانی خەڵکی وڵاتەکەیان بە بێ پرسی خەڵکەکە و بە ئارەزووی خۆیان بەسەر پرۆژەی دیکەی دوور لە بەرژەوەندی گەل تەخشان و پەخشان دەکەن. ئەوە جۆرێکە لە تاڵانکردنی سامانی نەتەوەیی گەل کە لەمێژە بوونی هەیە.
سامانی سروشتی ئەو ناوچانەی ژێردەستەن، بەپێچەوانەوە لە زۆربەی بارەکاندا، بووەتە مایەی ماڵوێرانی و نەهامەتی بۆ گەلی ژێردەستە، بووەتە هۆی ئەوەی خاکەکەیان داگیر و کۆلۆنی بکرێت و بخرێنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم یان ڕژێمی دیکتاتۆر و چەوسێنەر. نەتەوەی داگیرکەر لەبەر سامانە سروشتیەکە هەوڵ و میتۆدی جۆراوجۆر بۆ کەنترۆلی درێژماوە دەگرێتەبەر، کە دەکرێ لە خراپترین باردا تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی و گەلکوژی لێبکەوێتەوە.

سامانی سروشتی نەوت وەکو هەر سامانێکی سروشتی دیکەی وڵات خاوەنداریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گشت ئەو خەڵکەی لە ناو ئەو وڵاتەدا گەل پێکدەهێنن. ئەوە ئەگەر ئەو وڵاتە داگیرکەر نەبێت، یا کەنترۆلی خاکی گەلێکی دیکەی بە جۆرێ لە جۆرەکان نەکردبێت. وڵاتی داگیرکەر تاڵانی سەرچاوەی سروشتی گەلی ژێردەستە دەکات و بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی دەسەڵاتدار و باڵادەست بەکاری دەهێنێت. هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی کە نەتەوەی لاواز یا ژێردەستە ناچاردەکات بەشێک لە سەرچاوەی سروشتی بداتە خەڵکی دیکە، یا سەروەری لەو بوارەدا بە دەسەڵاتێکی باڵاتر کە لە زۆر باردا دەسەڵاتی نەتەوەی زاڵە یا زۆرینەیە، ببەخشێت و لەژێر ناوی ڕێکەوتنی ئازادا مۆر دەکرێت، ڕێکەوتنی ئازادانە و ئارەزوومەندانە نین، بەڵکو ئەو ڕێککەوتنانە کۆمەڵێ هۆکار و فاکتەری ناچارکەرانە و داسەپێنەرانە دەگرنە خۆیان. چونکە ئەگەر ئەو نەتەوە دەسەڵات لاوازە یا کەمینەیە بواری هەبێت لەژێرچنگی نەتەوەی داگیرکەر و چەوسێنەر یان زۆرینەدا نامێنێ و ئازادی هەڵدەبژێرێت،

بەمجۆرە لەو جۆرە ڕێکەوتنانەش دەربازی دەبێت کە لەژێر ناوی ڕێکەوتنی ئازادانەدا بەسەریدا دەسەپێندرێت. تائێستا نەبیندراوە هیچ گەلێکی ئازادی خاوەن سەروەری نەتەوەیی سامانی نەتەوەیی خۆی لەگەڵ گەلی دیکەدا دابەش بکات یا ماف بداتە گەلێکی دیکە بڕیار لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو سامانە بدات.

گەل لە وڵاتی خۆیدا خۆی سەرپشکە لەوەی چۆن ئەو سامانە سروشتیە دەخاتەبەر بەرژەوەندیە گشتییەکانی خەڵک، دیارە لەبەرڕۆشنایی پرۆسەیەکی ڕاشیونال، ئازاد و دیموکراسیانەدا دەتواندرێ ئەو ئامانجە گونجاوانە بپێکرێت. هەروەها سامانی سروشتی وڵات هی هەموو خەڵکی ناو ئەو وڵاتەیە، نەک تویژێک، پارتێک، گروپێک یان چەند گروپێکی دیاریکراو. کاروکردەوەکانی گروپێکی دیاریکراو مافی دابڕینی ئەو سامانە نابەخشێ بە گروپەکە، ئەگەر گروپێک یا چەند گروپێکی دیاریکراو لەژێر هەر بیانوویەکدا دەست بەسەر ئەو سامانەدا بگرن و هەموو یا بەشێکی زۆر یا کەمی ئەو سامانە لە ژێر بانگاشەی جیاوازدا و لەژێر ناوی گەلدا (هەروەکو لە وڵاتە دیکتاتۆر و نادیموکراسیەکاندا هەیە) بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن و بە ئارەزووی خۆیان بیخەنەبەر بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان، ئەو گروپانە پێشێلی مافی خاوەنداریەتی گشت دەکەن و تاڵانی سامانەکە دەکەن. ئەوە تاڵانی ناوخۆیی سامانی سروشتییە کە لە لایەن گروپێکی یا چەند گروپێکی دەسەڵاتداری ناو خودی ناسیۆنەکە ئەنجام دەدرێت.

سامانی سروشتی گەل دەبێ بەر لەهەر شتێک لە چوارچێوەی بەرنامەی ڕاشیونال و تاوتوێکراودا بۆ باشترکردنی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەکاربهێندرێت، پێویستە وەکو هۆکارێکی ئابوری گرنگ ئاستی ئابوری گەل بەرزبکاتەوە و لە پێشبڕکێ و ئالوگۆڕەکانی بازاڕی جیهانیدا بە هێزی بکات و وایلێبکات خۆی لەبەر نسکۆ ئابوریەکاندا ڕابگرێت، بتوانێ بەرگەی ناکۆکی و کێشە بازرگانی و ئابوریەکان بگرێت. هەروەها وەکو هۆکارێکی گرنگ بۆ مسۆگەری ئاسایشی نەتەوەیی بەرگریکار بەکاربهێندرێت، ئەوەش نەک لەسەر پشتی ژیان و گوزەرانی گەل. واتە هەمیشە دەبێ ژیان و گوزەرانی گەل لەبەرچاو بگیرێت و بەشێکی کەمی داهاتی نەتەوەیی لە بواری بەرگری و ئاسایشدا بەکار بهێندرێت.

شایانی جەخت لەسەرکردنەوەیە دەبێ سامانی سروشتی وڵات بتوانێ ستات بەهێز بکات و ڕەوایەتیی ناوخۆیی بەهێز بە ستات ببەخشێ، بەهێزی ستات بەو واتایەی پشتگیری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و کانوندانان لە لایەن خەڵکی وڵاتەکەوە تۆکمانە هەبێت، بەمجۆرە ستات خاوەنی ناسنامەیەکی ناوخۆیی بەهێز بێت. سامانی سروشتی و دابەشکردنی ڕەوایانەی داهاتی نەتەوەیی بەسەر دانیشتوانادا، فاکتەرێکی گرنگی بەدەستهێنان و پەسندکردنی ڕەوایەتی ناوخۆیی ستاتە، بەمجۆرە بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ستاتە. چونکە دابەشکردنی نایەکسان و نارەوا دەبێتەهۆی نەمانی پشتگیری دەسەڵات لە لایەن چین و گروپەکانی ناو وڵات، بەمشێوەیە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ناسنامەی نەتەوەیی national identity و ڕەوایەتی ناوخۆیی ستات state legitimacy. ستات کاتێک خاوەنی ناسنامەیەکی بەهێزە، ئەگەر لە لایەن گشتەوە پشتگیری تۆکمەی هەبێت.

بۆ ئەوەی سامانی سروشتی نەکەوێتە دەست گروپێک یا پارتێک یا خێزانێک، دەبێ هەڵسوکەوتکردن و کەنترۆلکردنی ئەو سامانە و داهاتی ئەو سامانە لە چوارچێوەی داهاتی نەتەوەیی لە لایەن دەزگایەکی بێلایەنەوە سەرپەرشتی بکرێت. لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا دەسەلاتی بەڕێوەبردن لەسەریەتی بە کراوەیی و بێلایەنی ئەو سامانە بۆ بەرژەوەندی گەل لە چوارچێوەی بەرنامەی ئابووریدا بەکاربهێنێت، دیارە دەبێ بیسەڵمێنێت چۆن و لەبەرچی، ئەگەرنا ناتوانێ دەستی بۆ ببات. پارلەمان هەمیشە لە هەڵسوکەوت بە سامان و داهاتی نەتەوە بەئاگایە و چاودێری دەکات. لە وڵاتە نادیموکراسیەکان ئەو بێلایەنی و کراوەییە بە ئەگەری زۆر نییە، نە پارلەمان یا خەڵک دەسەلاتیان لە ئاست تاڵان و خراپبەکارهێنانی سامانی سروشتیدا لە لایەن دەسەلاتی فەرمانڕەوادا نییە.

سەرچاوەی سروشتی بەگشتی و بەتایبەتی نەوت، ئەگەر لە وڵاتێکدا هەبن، واتای بوونی گەنجینەیەکی نیشتیمانی ژێرزەوییە. بەکارهێنان و دەست بۆ بردنی ئەو سەرچاوەیە دەبێ لە بەر ڕۆشنایی پێداویستییە

نیشتیمانیەکان بێت. واتە مەرج نییە، ئەگەر نەوت هەبوو دەبێ دەربهێندرێت و بفرۆشرێت، بەڵکو تەنها ئەگەر باری ئابوری گەل ئەوەی خواست، دەبێ دەربهێندرێت. بۆنمونە وڵات پێویستی بە داهاتی زیاتری ناسیونالانەیە بۆ ئەوەی بتوانێ خەرجی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی پێ بدات، یان داهاتی نەتەوەیی بەهێز بکات و قەرزی سەر ولات سوک بکات. ئەگەر ستات بەبێ بوون و فرۆشتنی ئەو نەوتە بالانسی نێوان هەنارده و هاورده، خەرجی سالانەی وڵات گونجاوانە ڕابگرێت، پێویستی بە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوەیە نابێت، بەڵکو بۆ دواڕۆژ وەکو سەرچاوەیەکی یەدەگ هەڵدەگیرێت. بەمشێوەیە ئەگەر نەوت دەرهێندرا دەبێ ڕادەی دەرهێنانی بەگوێرەی پێداویستییە ئابوریەکانی ستات بێت. بۆنمونە نەرویژ یەکێکە لە ستاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان و خاوەنی سامانی سروشتی ژێر زەوییە، بەڵام تەنها بەگوێرەی پێویست نەوت دەردەهێنیت، لەوە زیاتر دەرناهێندرێت کە ستات پێویستی پێیەتی. نەرویژ بیر لە دواڕۆژ و نەوەکانی داهاتوو دەکاتەوە، واتە ئەم گەنجینەیە بەجۆرێک بەکاردەهێندرێت کە بتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ بە باشترین شێوە سوود بە گەل بگەیەنێت.